# پاسەكەی شەمێران

**گوڵی تەرەقیی**

**و/ دلاوەر قەرەداغی**

بەرلەوەی بە پاسی ژمارە هەفتادا راگەین، پاسەكە بەڕێدەكەوێ و جێماندیڵێ، كچە چكۆڵەكەم چەند هەنگاوێك بەدوایدا رادەكاو بەرلەوەی بگاتە پێچی جاددەكە، نائومێد دەبێ لەوەی پاسەكە راوەستێ، ئیدی چاوەڕێ دەكەین تا پاسی دوایی هەڵمانگرێ.

بەفرێكی ناكاو دەبارێ و هەڵمێكی تەنك لە هەوادا خوول دەخوا، بێدەنگییەكی سازگار جێگەی بە غەڵبەغەڵبی رۆژانەی شار لێژكردووەو هەموو شوێنێك سپیی و ئارام. لەماوەی ئەم هەشت ساڵەدا كە لە پاریس دەژین، ئەمە ئەوەڵین جارە كە بەفر

بە ئاوها چڕپیەك ببارێت. دەنگی نەنکم لەگوێمدا دەزرنگێتەوە:
" ئەوە مەلایکەتەکان سەرگەرمی ماڵ پاککردنەوەن، تۆزو خۆڵی سەر هەورەکان گسك دەدەن و فەرشەکانی ئاسمان دەتەکێنن! "

زستانە هەتاوییەکانی تارانم دەکەونەوە بیر، چیا گەردن کەشەکەی ئەلبورز لەژێر ئاسمانێکی ڕووناکدا، واتەواتی بەفرماڵەکانم دەکەونەوە بیر لەسەربانی ماڵان، دارچنارەکانی ئەوسەری باخم دەکەونەوە بیر کە وەك پیرێژنی باڵابەرز سپیی دەچوونەوە.

لە منالّییدا کە بەفر دەبارپی ئیدی پێنەدەچوو خۆشکاتەوە، شەممە، یەك شەممە، دوو شەممە ... ڕۆژەکانم دەژماردن، دە سەنتیمەتر، بیست سانتیمەتر، نیو مەتر بەفر لەسەر عەرد دەنیشت و بۆ ماوەی هەفتەیەك دەرگای قوتابخانە دادەخرا.

چەند خۆش بوو! خۆشییەك مەگەر خودا بۆ خۆی بزانێ، یەك هەفتەی رەبەق نووستنی بەیانیان، یەك هەفتەی رەبەق شەڕە تۆپەڵی نێو کۆڵانەکان لەگەڵ هەزارو یەك کوڕە خاڵ و کچە پوور، یەك هەفتەی رەبەق دوور لە چاوی تووڕەی خانمی مودیر یان مامۆستای نارەسەنی ماتماتیك، نە کردنەوەی کتێبی فیقه و نە نووسینەوەی وەزیفە ... یەك هەفتەی رەبەق دوور لە ئەزبەر کردنی شیعرێکی درێژو قۆڕ، یەك هەفتەی رەبەق دوور لە مەشقی

خۆشنووسیی بە قامیش و مەرەکەبی چینیی، رەها لە چەنگاڵی دەرس و قوتابخانە ... حەوت رۆژی رەبەق ئازادیی و یاریی.

چەند خۆش بو ئەو کاتەی کە میوانمان دەبوو، بەفر رێگەکانی دەگرت، ئیدی هەموو ئەو میوانانەی کە لەماڵی ئێمە بوون دوو سێ شەو گلدەدرانەوە. میوانە هەمیشەییەکانی ماڵی ئێمە بریتیی بوون لە: داپیرەی باریك و بنێس و میهرەبانم، کە شەوو رۆژ دوعای دەکردو بەختیاریی و ساخ و سلامەتیی و عومرێکی درێژی بۆ ئێمە لەخودا داوا دەکرد.

نەنە گیان، پووری دایکم کە گوێی کەڕو هەستەکانی لەکار کەوتبوون، بە هەڵە منی لەگەڵ براکەم و براکەمی لەگەڵ یەکێ لە کوڕە خاڵەکانم و ئەو کوڕە خاڵەشمی لەگەڵ یەکێ لە هاوسێکان و ئەو هاوسێیەشی لەگەڵ مندا لێتێکدەچوو.

پوورە ئازەری نازەنینم بە خۆی و مناڵە هارو هاجەکانییەوە، مناڵەکانی لە ڕاڕەوەکانا یەکەو گۆتەکەیان دەکردو خەراپتر لە مەیموونی کێوی بەزیقە زیق، یان بەدیوارو دەرگاو درەختەکانا هەڵدەزنین، یاخود لەسەر پەیژەکان هەڵدەخلیسکان ودەکەوتنە خوارەوە.

خاڵە ئەحمەد خان، میهرەبانترین دگانسازی دونیا، ئەو دگانسازەی کە دڵی نەدەهات دگانی کەس بکێشێ. هەر کە یەکێکمان دەگریا، ئیدی فرمێسك لەچاوانی ئەودا قەتیس دەما.

خاڵە گەورە، ئەفسەری تۆپخانەی سوپا کە لە ئەسپ دەترساو زەندەقی لەتۆپ و تفەنگ چووبوو، هەر ئەو رۆژەی کرایە ئەفسەر، جلکەکانی داکەندو بەرکۆشێکی ژنانەی لەنێو قەدییەوە گرێداو ئیدی پێی لەماڵ نەنایە دەر ... بۆ خۆی کەوتە دروستکردنی مرەبای بەتام و چنینی بلوسی رەنگاورەنگی خوری.

دوا کەس، توبا خاتوونی قەڵەوو لەش داهێزراو، چیرۆکی سەیرو سەمەرەی بەڵەدو ئاشنایەتیی لەگەڵ جنۆکەو ئەرواحدا هەبوو، جادووگەریی دەزانی و جار جارە سیحری بۆ دەکردین.

تا بەفر دەکەوتە تووانەوە، هەموو ئەو خەڵکانە لە ماڵی ئێمە دەمانەوە، منیش عاشق بە ژووری قەرەباڵغ و لێفەی راخراوو مێزی پڕ لەخۆراکی جۆراوجۆر: هەر لە گۆزەی شەربەت و کاسەی پڕ لە دەنکە هەنارو دەفری لێواو لێو لە شۆربای زەردەوە تا دەگاتە بستەو شیرینیی و گەزی ئەسفەهان و ئەو پاقلاوە بەتامەی کە دایکم دروستیدەکرد.

چەند خۆش بوو کاتێ هەزاران بۆنی تاسێنەر لەهەرچوار لای ماڵەکەوە بەرز دەبۆوەو لە داڵانەکاندا بڵاودەبۆوە. بۆنی تووتنی سەبیلەکەی داپیرەو هەڵمی بۆنخۆشی گژوگیا کوڵێنراوەکانی نەنە گیان وعەتری زەعفەرانی سەر برنجی کوڵاو بە دارچینیی و زیرەو گوڵاوو پیازی برژاوو کەبابی نیوە برژاو لەسەر پشکۆی هەڵایساو.

چەند حەزم دەکرد بە ورتە ورتی گەورەکان و پێکەنینە کپەکانیان کە لە ژوورەکانی ئەملاولاوە دەهاتە گوێم، خەو لەچاوانم بکەوێت، گوێم رادەدێرا بۆ دەنگی بەسۆزی تارەکەی خاڵە بچووك و لاواندنەوەی ژێر لێوی پوورە ئازەرو شەپەشەپی سۆڵەکانی دایکم لەسەر پێپلیکانەکان، گوێم ڕادەدێراو ئیدی خەو دەیبردمەوە، نیوەشەو خەبەرم دەبۆوە، دەمبینی هێشتا گەورەکان نەنووستوون و گڵۆپەکانیش هەر داگیرساون، هێشتا موبەق پڕ لە هاتوچۆی خەڵك و لە تەقەتەقی قابلەمەکان بوو، هەمدیس خەوم لێدەکەوتەوە، خەوەکەم سووکتر بوو لە فڕینی کۆلارەیەکی سرك.

ئەمشەویش وەك سەردەمی منالّیی بە تەماشاکردنی بەفر خەنیی و خۆشحالّم، کچەکەیشم لەوپەڕی جۆش و خرۆشدایە، بەچواردەوری خۆیدا دەخولێتەوەو سەما دەکا، بە دەستە چکۆلّەکانی بەفر تۆپەڵ دەکاو بەملاولای خۆیدا هەڵیدەدا، بەردەوام رادەکاتە ناوەڕاستی جاددەکەو نیگەرانی هاتنی پاسی ژمارە هەفتایە. ئەم نیگەرانییەی ئەو خورپەی دلّە چکۆلّەکەی منالّیی خۆمم دەخاتەوە یاد، ئەو وەختەی هەموو ئێوارەیەك دوای ئیزن بوونمان لە مەکتەب، بە نیگەرانیی چاوم لەوپەڕی جاددە دەبڕیی و لە چاوەڕوانیی بینینی کاك عەزیزی هاوڕێمدا دەقیقەم دەژمارد.

سەر هەڵدەبڕم، دەم دەکەمەوە تا پروشەی بەفر لەسەر زوبانم بنیشێ، وای ... پروشەی بەفر چ تامێکی خۆش و چ بۆنێکی سازگاری هەیە ! وەك ئەوەی هەزاران پەڕی گوڵە یلسەمین لە ئاسمانەوە ببارنە خوارەوە. هەستدەکەم پێم لە عەرد بۆتەوەو لە فەزادا مەلە دەکەم، وەك بڵێی لەنێو بلورێکی چرادا بم و هەناسەیەکی شاراوە من لە زەمەندا بگەڕێنێتەوە بۆ دوا.

سەرنج دەدەم، تەمەنم ( دە ) ساڵانە، لە چوار راکەی نزیك قوتابخانە چاوەڕوانی هاتنی پاسەکەی شەمێرانم.

خانووە تازەکەمان لەوپەڕی دونیایە، لەودیو گردۆڵکەکان و لەسەر زەمینە قاقڕەکانا لەو خانووەدا ژیان بەسەر دەبەین، چ خانوویەکی تر لەدەورەبەرمانەوە نییە، هەندێ شەوان لوورەی چەقەڵ دێ و دایکم ترس دایدەگرێ، لالۆ حەسەنی ئاشپەزیش هەر دەترسێ، دەترسێ و لە حەژمەتا قەرەوێڵەکەی بۆ راڕەوەکە دەگوێزێتەوەو لەودیو دەرگای ژوورەکەی باوکمەوە دایدەنێ.

منماڵەکەی ناوەڕاستی بیابانم خۆشدەوێ و ناترسم لە ئاوی تانکییە گەورەکەو ناترسم لە ئەستێرکی پڕ لە بۆق و لە سێبەری ئەو درەختانەش ناترسم کە رێك لە خەڵکانێکی چەقاوەسوو دەچن. ناترسم و لەوپەڕی باخەکەدا، لەودیو دار شمشادەکانەوە بە چەرچەڤی کۆن ژوورێکی چکۆڵەم بۆ خۆم رۆناوە، کەس منی بۆ نادۆزرێتەوە، خواردنەکانم لەبن خشتەکان دەنێم و لەترسی دایکم

ئەو وەرەقەی ئیمتیحانانە دەخەمە چاڵەوە کە سفرم تێدا وەرگرتوون، دار چنارەکان هاوگەمەی خۆمن، هەر یەك لەو درەختانە ناوێکی خۆیان هەیە، درێژترەکانیان کوڕن، کە لە قوتابخانە دێمەوە، جانتاکەم دادەنێم و بە پەلە خۆم دەگەیەنمە لایان، هەموو ئەو شتانەیان بۆ دەگێڕمەوە کە کردوومن، بە دەنگی بەرز کتێبی فارسییان بۆ دەخوێنمەوە، هەندێکیان دەکەونە باوێشکدان، هەندێکی تریان حەسوودو ناڕەسەنن و گوێم لێناگرن، ئەوانە ماچدەکەم کە لەگەڵم باشن، بنێشتە جووراوەکانم بە گەڵاکانیانەوە دەنووسێنم، ئەوانەش دارکاریی دەکەم کە لە پاشەملە زەمم دەکەن، دارکارییان دەکەم و چڵەکانیان بە گوریس دەبەستمەوە.

تا قوتابخانەی ( فەیروز کوهی ) بە پاس زیاتر لە سەعاتە رێیەکە، براکەم لە من گەورەترەو بۆی هەیە بەتاقی تەنها بێت و بچێت، بەڵام من دەبێ لالۆ حەسەن دەستم بگرێ و بۆم نییە بێ ئیجازەی ئەو یەك هەنگاو بە تەنها بڕۆم، ئاخر ئەمە ئەمری دایکمە، بەڵام من خۆم چیم پێخۆشبێ ئەوە دەکەم. خۆ گەر لالۆ حەسەن یەك کەلیمە بۆ دایکم بگێڕێتەوە پێستی دەگرووم، لەبەر ئەوەی دەزانم کاتێ کلیلی ئەمبارەکەی سەرێ بزر بوو، لەنێو بەری چاکەتەکەی ئەودا بوو، دەزانم کاتێ دایکم لەماڵەوە نابێ، بە مشت نیسك و برنج و لۆبیا لە گونێکان دەدزێ و لە

تووره‌كه‌یان ده‌نیَ، له‌وسه‌ری باخه‌كه‌و له‌پشت ئاوده‌سته‌كه‌وه ده‌یشاریَته‌وه تا كاتیَ رۆژی ئیجازه‌ی هات له‌گه‌ڵ خۆیدا به‌ریَ، ده‌ی له‌به‌ر ئه‌وه‌یه كه لالۆ حه‌سه‌ن ناویَریَ و بۆی نییه هیچ بۆ دایكم بگیَرِیَته‌وه. هه‌ر بۆیه كه نه له‌و قسه‌و نه له‌من قسه‌و ئیدی پاك له پاكین.

سه‌عات چوار له مه‌كته‌ب ئیزن ده‌بین، لالۆ حه‌سه‌ن ده‌گاته سه‌رم و له چوار رِاكه بۆ پاسه‌كه‌ی شه‌میَران راده‌وه‌ستین. ئه‌مرِۆ به‌فر ده‌باریَ، كلووه به‌فری هیَنده‌ی ژیَر پیاڵه‌یه‌ك، هه‌موو شویَنیَك سپیی سپیی ده‌چیَته‌وه‌و لالۆ حه‌سه‌نیش وه‌ك تارماییه‌كی سرِرراوه له په‌نا دیواره‌كه‌دا هه‌ڵتروشكاوه، روخساری به په‌ڵه هه‌وریَكی ته‌نك ده‌چیَ، له‌و هه‌وره ده‌چیَ كه من شه‌وانه له ئاسمانا ده‌یبینم و پیَموایه خه‌ڵكانیَكی هه‌زار ساڵ له‌مه‌وبه‌رن، هه‌ندیَكیان تاجیان له‌سه‌رو ریشیان دریَژو به سواری ئه‌سپی تیژرِۆوه غار ده‌ده‌ن. گه‌ر بونیام به وردی دیقه‌ت له‌ناو مانگ بدات، ده‌بینیَ كه منالیَكی چكۆله‌ی تیَدا دانیشتووه، هه‌ردوو قاچی هیَناوه‌ته‌وه یه‌ك و ده‌گری، من هه‌ركاتیَ ئه‌و دیمه‌نه پیشانی برا كه‌وده‌نه‌كه‌م ده‌ده‌م، نایبینیَ. دایكم له‌و شه‌وه ده‌ترسیَ كه مانگ چوارده‌یه‌و پیَیناخۆشه له ئه‌ستیَره‌كان بنۆرِم. گا له شینایی ئاسمانه‌وه هه‌ژدیهایه‌كی زه‌به‌لاح ده‌رده‌په‌رِیَ و له (شیره رِیَ) وه داده‌به‌زیَ، كاتیَ كه ئه‌وه به لالۆ حه‌سه‌ن ده‌ڵیَم

له حەژمەتا دەقیژێنێ، چمکی لێفەکە لەسەر خۆی لادەباو بە دەنگی بەرز دۆعا دەخوێنێ.

پاسەکەی شەمێران دیار نییە، منیش خەنیم و لەناوەڕاستی جاددەکەدا خلیسکخلیسکێنە دەکەم، بە لقە بە قەدی درەختەکاندا دەماڵم تا تۆپەڵێك لە بەفرەکەی سەریانم بەرکەوێ. لالۆ حەسەن جانتاو سەفەرتاسی خوارنەکەمی لەبن هەنگڵ ناوەو لەتاو سەرما هەڵدەلەرزێ، هەڵمێکی بێگیان لەدەمییەوە دێتە دەرێ. لالۆ حەسەن پێڵاوە کۆنەکانی باوکمی لەپێدایە کە چەند رەقەمێك بەپێی گەورەیە، پێڵاوەکانی لای پاژنەی پێیەوە هێند بەتاڵە کە رێك بەفر دزە دەکاتە ناوییەوە، دەستی لالۆ حەسەن چکۆڵەیەو دەستکێشەکانی دایکمی لەدەست کردوون، جووتێك دەسکێشی تاکەو تاك، تاکێکیان چەرمێکی پەمەیی و ئەویتریشیان موشەبەکێکی رەش. باوکم هەموو شەوانێکی جەژن جواب دەنێرێ چاکەت و کراس و پێڵاوو گۆرەویی و فانیلەو ژێرکراسی تازە بۆ هەموومان بکڕن. لالۆ حەسەن جلکە تازەکانی ناپۆشێ، بەڵکو لە جانتاکەیان دەنێ تا کە هاوین بۆ گوندەکەی گەڕایەوە، لەگەڵ خۆیدا بەرێ، یاخود دەیانفرۆشێ و پارەکەی لە لوولەی بوخاریی ژوورەکەیدا قایمدەکات. من تەنها کەسێکم کە دەزانم پارەکانی لەوێ حەشار دەدا، بەڵام دەستی بۆ نابەم، سوێند دەخۆم دەستی بۆ نابەم.

دەنگی مەکینەی پاسێك لەدورەوە دێت، لالۆ حەسەن لە جێگەکەی رادەپەڕێ و منیش خۆشحاڵ و دردۆنگ بەهاتنی ئەو ژووره سپییە چکۆڵەیەی کە وەك حاجی لەقلەق نێزیکدەبێتەوە. دیقەتدەدەم، لەدڵی خۆدا دەڵێم: گەر لایتی لێدا سوار دەبم، گەر لێینەدا چاوەڕێ دەکەم تا پاسەکەی دوایی ... سوار نابم تەنانەت گەر لالۆ حەسەن لەسەرمادا رەقهەڵبێ و دایکم لەچاوەڕوانیدا شێتبێ و خۆیشم لەبرسێتیی و شەکەتییدا گیانم دەرچێ! ئەمە نهێنییەکە چ کەسێ لێی ئاگادار نییە ... هیچ کەس، ئەمە نهێنیی نێوان خۆم و کاك عەزیزە، تەنانەت لالۆ حەسەنیش لەو نهێنییە بێئاگایەو تێناگا بۆچی هەندێ رۆژ سواری پاسەکەی شەمیران نابم (ئاخر ئەو پاسەی لایت لێنەدا پاسەکەی شەمێران نییە !) رادەکەم و دەکەومە هاوار هاوارو چ حیسابێك بۆ بۆڵە بۆڵەکەی لالۆ حەسەن ناکەم، چەندین جار هەڕەشەی لێکردووم کە بە دایکم دەڵێ، منیش ئیشارەتم بۆ کلیلی ئەمبارەکەی سەرێ کردووە کە لەنێو بەری چاکەتەکەی ئەودایە، هەربۆیە حەقی بەسەرمەوە نییەو دەستی لێهەڵگرتووم.

ئەو پاسەی کە سێ جار لەدوورەوە لایت لێدات ئەوە پاسەکەی کاك عەزیزە. من هەموو شەوانێك وەختی خەو، لەبری ئەو دۆعایەی کە دایکم فێری کردووم، سێ جاران لەبەر خۆمەوە دەڵێم:" جگە لە پاسەکەی کاك عەزیز سواری چ پاسێکی تر

نابم!" ئەمە پەیمانێکە کە تا ڕۆژی حەشر بە یەکترمان داوە، هەڵبەتە پەیمانێکی بێدەنگ و بەبێ وشە، لەبەر ئەوەی من لەگەڵ ئەو هاوڕێ زەبەلاحەمدا کە لە باوکم کەڵەگەت ترەو حەرەسەکانیش لە بیچم و قیافەتی ترسناکی دەتۆقن قسان ناکەم، ئاخر ناوێرم قسانی لەگەڵا بکەم!

لایتی ئەو پاسەی کە لە دوورەوە دێت دادەگیرسێت و دەکوژێتەوە، دڵم وەك فڕفڕۆکە بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، پاسەکە رادەوەستێ و سوار دەبم، لالۆ حەسەن پێش من سەردەکەوێ، کاك عەزیز سەیر دەکاو بە چاوە ئاوساوو سووتەمەرۆکانی وەڵامی سڵاوەکەم دەداتەوە. قژی کاك عەزیز چەورو لوولە، لالۆ حەسەن دەڵێ: ئەم کابرایە دەڵێی قژی نیگرۆی شەش مانگیی کردووە!

برۆی کاك عەزیز رەش و سمێڵێکی زل کە هەموو دەمی داپۆشیوە، لە کورسییەکەی پشت کاك عەزیزەوە دادەنیشم، لالۆ حەسەن خۆی بۆ دواوەی پاسەکە دەکوتێ، ئاخر ئەوێ گەرمترە، هێشتا دانەنیشتووە خەوی لێدەکەوێ. موسافیرەکان لەچەند نەفەرێك زیاتر نین و هەر هەمووش خەوەنوچکێیانە. رێی قوتابخانە تا ماڵەوە سەفەرێکە بۆ خۆی، بە تایبەتییش کە زستانان بەفر دەبارێ و ترومبێلە بێ زنجیرەکان لە چەقی جاددەکەدا دەخزێن و ئیدی رێگە دەگیرێ. هەندێ رۆژ کاك عەزیز

شەکەتەو باوێشکی زل زل دەدا و بۆنی دەمی لەو دەرمانە تیژترە کە دایکم لە برینەکانی سەرئەژنۆمی دەدا، سەرم گێژ دەخواو ریخۆڵەم دەکەوێتە قۆڕە قۆڕ، کاك عەزیز لە ئاوێنەکەوە تەماشام دەکاو دەمخاتە پێکەنین، گوپی پڕ دەکا لە هەوا، لووتی وەردەچەرخێنێ، چاوی قیچ دەکا .... منیش دەستم بە دەممەوە دەگرم تا نەفەرەکان دەنگی پێکەنینەکەم نەبییەن، لە توێی دڵا خەریکم لە پێکەنینا بتەقم. هاوڕێکەم لە دێو دەچێ و منالآنی چکۆڵە لێیدەترسن، هەموو دەست و سەر سینگی بە خاڵ کوتیوە، لە نزیك گوێیەوە تا ئەوسەری ملی هێڵێکی شینی ئەستوور کێشراوە، وەك ئەوەی کاتی خۆی کەسێك ویستبێتی سەری ببڕێ.

دایکم قەتاوقەت سواری پاس نابێ، ئاخر ئەو شۆفێرو ترومبێلی خۆی هەیە، بەڵام دەزانێ کە دونیا دێوی وەك کاك عەزیزی تێدایە، بۆیە دایمەو دەرەم دڵی لامە، حەز ناکا بە پاس بچم بۆ قوتابخانە، بەڵام ئەوە ئەمری بابمەو کەس بۆی نییە لێی لادا.

لالۆ حەسەن لە دوای پاسەکەدا بە چیچکانەوە خەوی لێکەوتووە، کزەیەکی سارد لە شووشەی شکاوی جامەکەوە دێتە ژوورێ و نەفەرەکان خەریکن رەق ببنەوە، کاك عەزیز چاکەتەکەی دادەکەنێ و دەیدا بەسەر کۆشمدا، چاکەتەکەی بۆنێکی ناخۆشی لێدێ، حەز دەکەم نەفەرەکان تەماشامکەن و

منیش به شانازییەوە دەست بە یەخەی چەوری چاکەتەکەیدا بێنم، پەنجەکانم بۆنێکی سەیر دەگرن، بۆنێك کە لە ماڵی ئێمەدا نییە، لە ماڵی خاڵ و پوورەکانیشما نییە، بۆنی سەگ و پشیلەو گاو مەڕیش نییە، بۆنێکە کە لەکونەکانی دونیایەکی نەناسراوەوە دێت، بۆنی هەموو ئەو کارە خەراپانەیە کە نابێ بکرێن و بۆنی هەر هەموو ئەو شتانەیە کە ناکرێ ئەلعان بزانرێن.

بۆنی دایکم لە چ بۆنێکی تر ناچێ، بۆنێکە هی عەترو پۆدرەی فەرەنسیی، بۆنێکە لە ژنە ئەکترەکانی سینەماو گۆڤارەکانی مۆدو شەقامی لالەزارو هۆڵی سەمای کافیتریای ( شەهرەداریی) یەوە دێت، دایکم بۆنی رۆژانی ئایندەی لێدێت، بۆنی سبەینێ و بۆنی هەموو ئەو شتە باشانەی کە لەچاوەڕێی مندان.

بەو چاکەتەوەی کە دراوە بەسەر کۆشما بوومەتە مەخلۆقێکیتر، مەخلۆقێك کە چ ناچار نییە پاکوتەمیزو بە ئەدەب و دەرسخوێن و یەکەمی پۆل بێت، چ ناچار نییە قردێلەی فوودراو لە قژی بداو سڵاو لە هەمووان بکاو هەمووان بەخێربێنێ، چ ناچار نییە لە هەموو بۆنەیەکی میوانداریدا، ئەو شیعرە لەبەردەمی غەریبەدا بخوێنێتەوە کە لە مەکتەب فێری بووەو هێشتاکەش بە باشیی ئەزبەری نییە، چ ناچار نییە یەکەمین وانەی فێربوونی پیانۆی، کە جگە لە دووبارەکردنەوەی دۆ رێ می فا سۆڵ لا سی چ شتێکیتر نییە، بۆ خزم و خوێشی چەنەبازو بێ حەوسەڵە

بژەنێ، چ ناچار نییە بەشداری لە پێشبڕکێی هەڵبژاردنی جوانترین منالّدا بکاو بیباتەوە.

بەو چاکەتەی کاك عەزیزەوە لەسەر کۆشم، بوومەتە مەخلۆقێك کوتومت وەکو ئەو، هەستدەکەم تەواوی جەستەم بەخاڵ کوتراوەو نیوەی دگانەکانیشم ئالّتوونن، خۆم دەبینم بەتاقی تەنێ بەکۆلانەکاندا دەسووڕێمەوەو وەك کچەتیوەکانی فاتەی جلك شۆر کەوتوومەتە حیلکە حیلك، لە پاشکۆی قۆزترین کوڕی گەڕەکدا، لەسەر ماتۆڕەکەی دادەنیشم و لەگەلّیدا دەڕۆم فیلمی تەڕەزان ببینم.

دەگەینە وێستگەی ( ئابشار )، لەوێدا کاك عەزیز پاسەکەی رادەگرێ، زۆربەی نەفەرەکان دادەبەزن تا لە چاخانەکەی سەر رێگە چایەك بخۆنەوە. من و لالۆ حەسەن لە جێگەی خۆمان نابزوێین، کاك عەزیز بەرلەوەی دابەزێت، پاکەتێکی چکۆلّە لە داشبردی پاسەکەی دەردەهێنێ و لەسەر رانم دایدەنێ، لە ئاوێنەکەوە تەماشام دەکاو چاو دادەگرێ، روخساری لێوالێوە لە میهرەبانیی، وەك داهۆلّە پەڕۆیینەیەك پڕە لەهێلّی نەرم، هاوڕێکەم میهرەبانترین دێوی دونیایەو لە دەست و پێیەوە، لەبۆنی سەیری دەمییەوە، لە چاوە سووتەمەرۆکانییەوە، لە چاکەتە چەورو شڕەکەیەوە ... شتێك وەك هەلّمێکی تەنك دێتەدەرێ و گەرمارۆم دەدات، منیش لەو هەلّمە سیحراوییەدا

وەك كلووە بەفرێك دەتوێمەوەو هێند بەختەوەر دەبم كە ئیدی دەخوازم هەزاران هەزار ساڵ وەك پەیكەرێكی بەردین لەهەمان شوێن و بەهەمان شێوە بمێنمەوە، نە گەورە بم و نە بشگۆڕێم.

ئەمڕۆ كاك عەزیز وشكە ئالباڵووی بۆ كڕیم، لالۆ حەسەن لە دواوەی پاسەكەوە قاوم دەداو دەپرسێ ئەرێ ئەوە چ دەكەم! من خۆمی تێناگەیەنم و خێرا خێرا ئالْبالْووەكانم دەژمێرم. نەفەرەكان راوەستاون و چا دەخۆنەوە. كاك عەزیز قومێك لە بوتڵە عارەقەكەی هەڵقوڕاند، پاشان چوو تا لەودیو درەختەكانەوە هەڵمیزێت، من سەیری ناكەم، سەردادەخەم و جوان جوان ئالْبالْووەكان دەجووم، بەڵام لە سەرمدا دەیبینم و گوێچكەم سوور هەڵدەگەڕێت.

دەكەوینەوە رێ و تا گۆڕەپانی ( وەنەك ) پاسەكە هێواش هێواش وەكو مێرووله دەڕوا، هەندێجار بە دوادا دەخلیسكێن، ترومبێلەكانی تریش دەخلیسكێن و لەناوەڕاستی جاددەكەدا لەبەردەم ئێمەدا دەچەقن. تاریك داهاتووەو هەموو دونیا سپیی دەچێتەوە، لالۆ حەسەن دەترسێ و لەدوای پاسەكەدا لێكدا لێكدا بانگم دەكات، دەزانم كە چەند دەقیقەیەكی تر نابات دەست دەكاتە گریان، ئاخر ئەو هەمیشە گریانەكەی حازرو ئامادەیەو رۆژی دوو سێ جار لەخووت و خۆڕایی دەگری، دایكم پێیوایە گریانەكەی لالۆ حەسەن وەك گارە گاری مریشك وایەو چ

پاساوێکی تایبەتیی نییە، باوکم دەڵێ: لالۆ حەسەن وڵاخێکە لەو گۆڕەی! لالۆ حەسەن پێدەکەنێ و دیارە وڵاخ بوونی پێخۆشە، هەر بۆیە شادومان و خەنیی دەفرەکان کۆدەکاتەوەو سەیری بابم دەکا کە بە چێژەوە پلێك گۆشتێك دەجوێ و لە لێنانی چێشتەکەی قایلە.

شووشەی پەنجەرەکەی لای منەوە شکاوەو کزەیەکی سارد ڕێك روخسارم دەسمێ، ملم وشك هەڵگەڕاوەو پشتم لە سەرمادا بۆتە شەختە. کاك عەزیز لە ئاوێنەی پاسەکەوە، بە نیگەرانییەوە دیقەتم دەدات، پاسەکە رادەگرێ، لەتە رۆژنامەیەك و چەند پارچە پەڕۆیەك دەپەستێنێتە درزی پەنجەرەکەوەو هەمدیس لە پشت سوکانەوە دادەنیشێتەوە. من لە زوبانە بێدەنگەکەی ئەو دەگەم، دەزانم دڵی لامەو وای پێباشترە شوێنەکەم بگۆڕم، وەك بڵێی بە چاوانی پێمبڵێ:" هەستە کچە چکۆڵە زیتەڵەکە! هەستە با سەرمات نەبێ، بڕۆرە دواوە، ئەوێ گەرمترە، ئاخر دەترسم نەخۆش کەویت!" منیش بە ئەسپایی وەڵامی دەدەمەوە:" نا، لە شوێنەکەی خۆم هەڵناسم، ئەم کورسییە هینی خۆمەو لەسەری هەڵناسم!"

نیگەرانییەکەی کاك عەزیزم خۆشدەوێ، ئاخر ئەو میهرەبانییە دایکانەیەی قوڵیی هاوڕێیەتییەکەیم بۆ دەسەلمێنێ، پێڵووەکانم لێکدەنێم و سەفەرێکی خەیاڵیی بە چاخە دوورەکان و بە

سەردەمی پادشا گەورەکانا دەکەم، سەفەرێکی خەیاڵی بە زەمەنێکدا دەکەم کە قارەمانانی بەوەفا لەپێناو سەلماندنی راستگۆیی و قوربانیدانیاندا بۆ شەهرەیار، بە پێی پەتیی بەسەر پشکۆی هەڵایساوا دەڕۆن و لەگەڵ ئەژدیهای حەوت سەردا دەجەنگێن.

چیتر پاسەکە جووڵەی بۆ ناکرێت، رێگە گیراوە، سەرما جێگەی بە هەموو شتێك لێژ کردووە، لای راستی بەدەنم سڕ بووە، سەرپەنجەکانم مێرووله دەکەن، پێم بێهەست و سەرم وەك کێو قورس، وەك بلێی فووی تێکرابێ دەئاوسێ و دەنیشێتەوە، بوومەتە تەختەو لەتیلەی پێڵووە نیوە داخراوەکانمەوە چەندین تارمایی لە دەرەوە دەبینم کە لەناو بەفرەکەدا سووڕ دەخۆن، ئاو بە کەپوومدا دێتە دەرێ و چاوانم دەبرژێنەوە. ناکاو گەرم گەرم دادێم، داخ دەبم، پاشان لەرزم لێدێ و دگانەکانم لە سەرمادا چۆقە چۆقیان پێدەکەوێ، فرمێسك بە خوڕ بەچاوانمدا دێتە خوار، ئاخر بەدەست خۆم نییە، کاك عەزیز بە پەنجە زبرەکانی سەر روومەتەکانم وشك دەکاتەوەو بە دەمی داخراوەوە پێدەکەنێ، ئەو قوتابیانەی کە کاك عەزیز دەناسن دەڵێن: "هەموو دگانەکانی ئاڵتوونن!" باوەڕ ناکەم، لەدایکم دەپرسم، ئەویش نازانێ و کاك عەزیز هەر ناناسێ، بەڵام پرسیارەکەمی پێخۆش نییەو هەڕەشەم لێدەکا کە ئەگەر سەیری سایەق

پاسەکان بکەم یاخود قسەیان لەگەڵ بکەم ئەوا داخم دەکا، دایکم پێیوایە تەنها خەڵکانی خەراپ و لات دگانی ئاڵتوونیان هەیەو هەمووشیان دزو پیاو کوژن و هەزار بەڵا بەسەر کچانی چکۆڵەدا دەهێنن.

من باوەڕ بە دایکم ناکەم، خەفەت دەخۆم کە هەندێ جار دایکم دەبینم ناڕەسەن و درۆزن دێتە بەر چاو ... بە پوورە ئازەر دەڵێ: قەڵەوی پیس! خەفەت دەخۆم بەوەی کە دایکم زۆر شت نازانێ، بۆ نموونە ناوی پایتەختی زۆر لە وڵاتان بەڵەد نییەو فریشی بە یاسا ساکارەکانی حیسابەوە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا بەلای منەوە دایکم میهرەبانترین و جوانترین دایکە لە دونیادا، شەوانە بەر لەنووستن خۆم دەکەمە نەخۆش تا لەپاڵ نوێنەکەمدا دانیشێ، دەخوازم ئیعتیرافی بۆ بکەم کە چ بیرو خەیاڵاتێکی خەراپ لەبارەی ئەوەوە لە کەللەمدایە، بەڵام دایکم هەمیشە هەر خەریکی ئیشە، پەلەیەتی و گوێ لە قسەکانی من راناگرێ، گەر بزانێ بە ئەسپایی لەودیو دەرگاوە گوێ لە قسەکانی ئەوو باوکم رادەدێرم، ئەوا بە توندی سزام دەدا.

کاك عەزیز لە حەژمەت بەفرو رێبەندان گرمۆڵە بووە، تەواوێك هەوڵ دەدا پاسەکە چەند هەنگاوێك پێشتر بەرێ، بەڵام ناتوانێ، وەك بڵێی لە بیابانێکی سپییدا رێگەمان ون کردبێ. دەنگی لالۆ حەسەنم لە دوورەوە دێتە گوێ، دەناڵێنێ و نزگەرەی زل زل

لێدەدا، منیش سەیرم لێ بەسەر هاتووە، هەستدەکەم خەریکم نەخۆش دەکەوم، گەدەم پڕ بووە لە ئالّبالّوو، دەخوازم برِشێمەوە، بە هەردوو دەست چاکەتەکەی کاك عەزیزم بەخۆمەوە نوساندووەو سەرم گێژ دەخوات، دەمەوێ هەستم، بەڵام هێز لە قاچمدا نەماوە، دەمم دەکەمەوە، بەڵام دەنگم دەرنایەت، هەموو شوێنێك پڕە لە بەفر، هەموو پاسەکە، هەموو شار، هەموو دونیا پڕن لە بەفر، منیش لەژێر ئەو تاقە سپییەدا بوومەتە سەهۆڵ، ساڵانێکە بەو جەستە بە شەختە بووەمەوە ماومەتەوە، تەنها چاوەکانمە کە وەکو دوو تەنوور دەسووتێن و خێرا خێرا فرمێسك لەچاوانمەوە دێتە خوار، دەمم وشك و تاڵ و لە دووی ئاو دەگەڕێ: ئاو ... ئاو ... ئاو.

دەستێکی نەرم و بۆن خۆش، بۆنی پۆدرەو کرێم، نێوچەوانم نەوازش دەکا. یەکێ دۆعا بە گوێمدا دەخوێنێ و فوو بە روخسارمدا دەکا. روخساری ئلشنا بەچواردەوری تەختەنوێنەکەمدا راوەستاون و چاوانی گەورەو شیرینی پوورە ئازەر لەژێر رۆشنایی گڵۆپەکەدا دەدرەوشێنەوە، بۆنی کوڵاتووەکەی نەنکم دێت، نەرمیی بەتانی و چەرچەفە پاك و تەمیزەکانی خۆم دەناسمەوەو دەزانم کە لەنێو نوێنی خۆمدام و دایکیشمم لەلاوەیە، هەستێکی لێواولێو لە ئارامیی دەڕژێتە دڵم، خەوم لێدەکەوێ و خەون دەبینم کە بە کۆڵی کاك عەزیزەوەم و

ئەویش وەکو فەرشی باڵدار بەژوور هەورەکانەوە دەفڕێ و من بۆ تەماشای شارە دوورو نەناسراوەکان دەبات، وای چەند حەز دەکەم دەمی بکاتەوەو من دگانە ئالتوونەکانی ببینم، بەڵام حەیفێك لێوەکانی وەك سنوقێکی چکۆڵەی پڕ لە زێڕو زیو کلۆم دراون.

تەواوێك نەخۆشم، دختۆر کەوسەری هەموو پێنج شەممەیەك سەردانم دەکا، سینگم قرخە قرخی دێ و شەوانە تاکەم بەرز دەبێتەوە، دختۆر کەوسەری هەرجارێك کە دێت دەرمانەکانم بۆ دەگۆڕێ نەخۆشییەکەشم خەراپتر دەبێ، لەڕولاواز بووم و ڕەنگی مردووم لێنیشتووەو قژم دەڕووتێتەوە، دختۆرێکی ترم دێننە سەر کە لەمن زیاتر دەکۆکێ، دەرمانەکانی ئەم دختۆرە لە هیچ ئەجزاخانەیەکدا دەسناکەوێ. رۆژو هەفتەکان وەك با تێدەپەڕن، دەرس و مەکتەبم بیرچۆتەوە، بە رۆژ دەنووم و لە خەویشدا هەر دەکۆکم، داپیرە لەخوار تەختەنوێنەکەمەوە دادەنیشێ و لەژێر لێوەوە دۆعا دەخوێنێ، گەر بەخەبەر بم، ئەوا حەکایەتم بۆ دەگێڕێتەوەو خواردنەکەم بەکەوچك بەدەمەوە دەکات، هەموو رۆژێك لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە لەو درەختی خورمالووە دەنۆڕم کە لق و پەلکەکانی رووت بوونەتەوە لە گەڵا، تا بەهار دێت رۆژەکان دەژمێرم، هەموو رۆژێك سەعات چواری پاش نیوەڕۆ پاسەکەی شەمێران دەبینم کە لە چوارڕاکەی بەردەم

قوتابخانەوە رەت دەبێ و کاك عەزیزیش خەمبارو تەنها لەجێگە چۆڵەکەی من دەتۆرێ و تێدەپەڕێ، دەشێ منی بیرچووبێتەوە و ئەو نەستەلانە بداتە کچێکی تر کە لەناو داشبردی ترومبێلەکەیدا بۆ منی داناون، دڵم لە غیرەدا دەسووتێ و کۆکینەکەم توندتر دەبێ، دایکم بە شپرزەیی دەنێرێ بەدوای دختۆر کەوسەرییداو دەنگی باوکم دەبییەم کە ئەمر دەکا ئامادەمکەن تا هەرچیی زووترە رەوانەی فەڕەنسا بکرێم.

ئەمساڵ لە پۆلەکەی خۆمدا دەمێنمەوە، دەگریم و پوورە ئازەر دەڵێ: هیچ شتێك لە ساخ و سلامەتیی گرنکتر نییە. خۆزیا هاوین دەهات و دار گێلاسەکان بە گەلاو بە بەر دەڕازانەوە، هاوینان ماڵەکەی ئێمە قەرەباڵختر دەبێ، خانەوادەکەی ئێمە قەبیلەیەکی گەورەیەو من دەیەها پوورو خاڵ و یەك دەرزەن کوڕە خاڵ و کچە پوورم هەن. باوکم سەرۆکی ئەم قەبیلەیەیەو هەمووان حیسابی بۆ دەکەن، ئەم قەبیلەیە رۆژانی هەینی نانی نیوەڕۆ لە ماڵی ئێمە دەخۆن و شەوانەیش دایکم زیاتر لەنیوەیان لە ماڵی خۆمان گل دەداتەوە. هەمووومان پێکەوە لەبەرهەیوانی باخەکە دەنووین، منالان لەپاڵ یەکدیداو گەورەکانیش دوورتر لەژێر دارچنارەکانا، لەسەر تەختی دارین و لەنێو پەردەکوللەدا، باوکیشم بەتاقی تەنها لەژێر کەپرەکەدا دەنوێ، دوو جۆگە لەملاو لای کەپرەکەوە دێنە خوارێ و تا بەیانی دەنگی خوڕە خوڕی ئاو

دێته گوێ. داپیره لەگەڵ ئێمەی منالاٌندا دەنوێ و چاودێریمان دەکا، لەژوور سەری هەریەکێکماندا پەرداخێك سەهۆڵاوو لەژێر سەرینی هەریەکێکماندا چنگێ گوڵە یاسەمین دادەنێ، منالّەکان دەژمێرێ و هەریەکەیان بەناوی خۆیەوە بانگ دەکات تا دڵنیابێ کە هەمووومان لەجێگەی خۆمانین.

من حەزم لە بێدەنگیی شەوانە، ئاخر لە شەودا لێدانی دڵی میوەی گەییوو هەناسەی سووکەڵەی بێچووە نەوڕەسەکان دەبییەم، بەرلەوەی خەوم لێبکەوێ، ئەستێرەکان دەژمێرم و لەو هەورانە دەنۆڕم کە لە ئادەمیزاد دەچن.

یەکێك لەو هەورانە لە کاك عەزیز دەچێت، لەوسەری سەرەوە بانگم دەکاو بە دەم و چاوی دەمخاتە پێکەنین. خالۆزاکانم ورتە ورتیانەو داپیرە لەهەمان ئەو شوێنەوە کە لێیدەخەوێ، بە شوڵکە درێژەکەی پێیاندا دەماڵێ، خالّە چکۆڵە پرخە پرخ دەکاو سەگی کەلاوەکان دەهێنێتە وەڕین، نەنە بەدەم خەوەوە قسان دەکاو توبا خاتوونیش تا رۆژ دەبێتەوە هەر خۆی دەخورێنێ، یەکێ لە منالّەکانیش لێکدا لێکدا تڕ لێدەداو داپیرە لە جێگەکەی رادەپەڕێ تا بزانێ ئەوە کاممانین! منالاٌن هەموو خۆیان دەکەنە نوستوو، هەناسە لەخۆیان دەبڕن.

بەدەم ویزە ویزی ئەستێرەو زریوە زریوی ئەستێرانەوە چاوەکان پڕ دەبن لەخەون، هەندێ شەو باران دادەکاو داپیرە

نایلۆنێکی قەبەو درێژمان پێدا دەدا کە هەمیشە لەپاڵ خۆیدا دایدەنێ، من و خالۆزایەکم لەژێر ئەو رووپۆشە ئەستوورەدا دەنووین و وەك مێروولەی ژێر خاك گوێ بۆ دەنگی باران رادەدێرین.

لەوکاتەوەی کە نەخۆش کەوتووم ناچارم لەژوورەکەمدا زیندانیی بم، هەموو شتێك دەمترسێنێ، ترس وەك تارمایی لەهەموو شوێنێکدایە، هەندێ جار دەرگاکە دەکاتەوەو پاش نیوەڕوانیش کاتێ گەورەکان دەکەونە خەوەنوچکێ دێتە لام، هەندێ جاریتریش لەودیو شووشەی پەنجەرەکەوەیە یاخود خۆی لەژێر کۆشی دایکما قایم دەکات. ئەمڕۆ بەیانیی لە ئاوێنەکەدا بوو، وەك بلێی گاڵتەم پێبکا... ئەوە ترسە کە دەمخاتە کۆکە، دایکم ئیدی بڕوای بە دختۆر کەوسەریی نەماوەو دەرمانەکانی توورِ هەڵداوە، خاڵە گیان، دختۆری شەوان لەماڵی ئێمە دەنوێ، لەگەڵ دایکمدا وا رێککەوتوون کە شەوێك ئەو شرینقەم لێبداو شەوێکیش دایکم، باوکم دەڵێ دختۆرەکانی فەڕەنسا عەبقەرین و بە یەکەمین رەچەتە قورسترین نەخۆشیی چارەسەر دەکەن، پووره ئازەر بە چاوانێکی خەمین تەماشام دەکاو بەجۆرێك ماچم دەکا کە پێدەچێ ئیتر نەمبینێتەوە، لالۆ حەسەن پۆستکارتێکی کۆنی پێیە کە رەسمی ژنێکی قەڵەوی قژ زەردی تێدایەو جلکێکی موشەبەکی مەخمەلیی پۆشیوە، لالۆ حەسەن دەڵێ: ئەم ژنە

شاژنی پاریسەو ژنێکی بەدخووەو ئیمانی بە قورئان نییە! ئاخر لالۆ حەسەن خەمی من و دایکمییەتی و داوا لە نەنە دەکا کە شەوو رۆژ لەپێناو رزگارکردنی ئێمە لەچنگی ئەو شاژنە کافرە دۆعا بکا، دایکم بە خۆشحاڵییەوە جانتاکانی سەفەر ئامادە دەکات. من دەزانم کە ترس لە پاریس یش هەیەو بۆ هەر شوێنێك برۆین ترس هەر بەدوامانەوەیە، نەنە پەیتا پەیتا دۆعا دەکاو فوو بە روخسارمدا دەکا، توبا خاتوونیش هەمو مەغریبێك یەك پەرداخ ئاوی جگەری کوڵاوم دەرخوارد دەدا، هەزار جۆر موفەرکیان بە بە گەردن و پێمەوە کردووەو ژێر سەرینەکەشم پڕە لە قاقزی چکۆلەی چوارقەد کراو.

هێشتا هەموو پاش نیوەڕۆیەك کاتێ دەبێتە سەعات چوار، دڵم لای ئیزن بوونی قوتابخانەیە، دڵم لای ئەو پاسەیە کە لەدوورەوە دێ و وەك خەوێکی نیوە فەرامۆشکراو، بەرلەوەی بگاتە من لە تەمتوومانێکی سپییدا رۆدەچێ.

هێشتا هەر بەر لە نووستن سێ جار لەدڵی خۆمدا دەڵێم: من لە پاسەکەی کاك عەزیز زیاتر سواری هیچ پاسێکی تر نابم! ئەمە پەیمانێکە بە یەکمان داوەو تا رۆژی حەشر ئەو پەیمانە ناشکێنم، سوێند دەخۆم، لەکاتی سوێند خواردندا پێڵووم لێکدەنێم، هەناسە لەخۆم دەبڕم و دڵم وەك تەپڵ لێدەدا، دڵنیام کە کاك عەزیز لێدانی دڵم دەژنەفێ و وەڵامم دەداتەوە.

سێ ڕۆژی تر سەفەر دەکەین، نەنە لای پەنجەرەکەوە دانیشتووە، گوڵە یاسەمین دەکات بە دەزووەوەو ملوانکەو بازنگم لەو گوڵانە بۆ دەهۆنێتەوە، هەمووان خەمبارن، تەنانەت توبا خاتوونیش کە هەمیشە قونی بادەداو چەقەنەی لێدەدا، ئێستا ئیدی ئەویش وەك جاران نییە، چاوانی پڕ لەفرمێسك و ئاوی کەپووی بەسەر قۆڵەکەی دەسڕێ.

لە دەرگا درا، بەخۆم دەڵێم: ڕەنگە دختۆرێکی تازە یاخود یەکێ لە پوورەکانم بێت، ئاخر هەزاران جۆر لە خەڵکیی دیدەنیمان دەکەن و ڕۆژی سەد جار لە دەرگای ماڵی ئێمە دەدرێ.

لالۆ حەسەن دێتە ژوورێ و لەپاڵ دەرگاکەدا رادەوەستێ، گێژووێژ، حەپەساو تەماشای دایکم دەکات، دەیەوێ شتێك بڵێ بەڵام جورئەت ناکات، وەك هەمیشە لە ترسا کەوتۆتە نزگەرە، ئیشارەت بۆ کەسێ یان شتێك لە دەرەوە دەکا، بەڵام دەنگی دەرنایەت.

دایکم تووڕەو بێهەدادان هەستاو بەدوای لالۆ حەسەندا بەرەو داڵانەکە چوو، دەنگی دەبییەم: کێ؟ وەڵامەکەی لالۆ حەسەن نابیستم، تەها دەنگی دایکمم دێتە گوێ کە بەرزو بەرزتر دەبێتەوەو وەك دەنگی ئاژێر هەمووان نیگەران دەکا، داپیرە هەڵدەسێ و پەنجەرەکە دادەخا، بەتانییەکە تا ژێر چەناگەم ڕادەکێشێ.

دووباره دەنگی دایکمم دێته گوێ: " چیی؟ سایەق پاس؟"

رادەچڵەکم، دەکەومە سەر ئەژنۆو لەسەر جێگەکەم دادەنیشم.

وەڵامەکەی لالۆ حەسەن لە باعەباعی مەڕێك دەچێ کە بیانەوێ سەری ببڕن.

هاواری دایکم لەنێو سەرمدا لوول دەخوا: " کێ؟ چیی؟ کام پاس؟"

لالۆ حەسەنی فەقیر نیوە گیان و زمانی لاڵ دەبێ، شیته شیتی دایکم دەبییەم کە دەیەوێ تێبگا چۆن سایەقێکی هیچ و پووچ جورئەتی کردووە بۆ هەواڵپرسینی کیژەکەی بێت! لالۆ حەسەن دەنێرێ تا پێیبلێ گەر جارێکی تر بەم ناوەدا بێتەوە ئەوا ئەمر دەکا قەڵەمی ئەژنۆی بشکێنن!

بەتانییەکە لادەدەم، لە جێگەکەم دەردەپەڕم و پێخاوس و بە جلکی تەنکی نووستنەوە بەرەو داڵانەکە رادەکەم، توبا خانم هەوڵدەدا پێشم بگرێ، پاڵێکی پێوەدەنێم و گازێك لەدەستی دەگرم، دایکم لەم رەفتارە سەیرو سەمەرەیەی من حەپەساوە، ئەمرم پێدەکا هەرچیی زووترە بۆ سەر جێگەکەم بگەڕێمەوە، بەڵام گوێ بەو هەموو هەڕەشەو گوڕەشەیە نادەم و خۆم دەگەیەنمە ژووری خوێندنەوەی باوکم کە لەوپەڕی راڕەوەکەدایە، دەچمە ژوورێ و لەم دیوەوە دەرگاکە بە کلیل دادەخەم، پەنجەرەی ژوورەکە بەسەر کۆڵاندا دەنۆڕێ، پەردەکە لادەدەم،

دەچمە سەر کورسییەکەو دەبینم کاك عەزیز وەك منالێکی شەرمن و مەزلووم لەناوەڕاستی کۆلانەکدا راوەستاوە، زەرفێکی چکۆلەی بەدەستەوەیە، قژە لوولەکەی شانە کردووەو قۆپچەی کراسەکەی تا بنی بنەوە داخستووە، ئاخر نایەوێ سینگە بەخاڵ کوتراوەکەی دەرکەوێ. پەنجەرەکە دەکەمەوە، بانگیدەکەم، ئەو سەیری ئەملاولای خۆی دەکاو دەیەوێ بڕوات، بەرزتر بانگی دەکەم و دەستی بۆ رادەوەشێنم، ئاوڕ دەداتەوە، سەر هەڵدەبڕێ و چاوی بە من دەکەوێت، هەمدیس هەمان میهرەبانیی دێرین روخساری دەپۆشێتەوە، هۆن هۆن فرمێسك لەچاوانم دەڕژێ و خۆیشم نازانم دەڵێم چیی! کاك عەزیز هەر لەهەمان ئەو شوێنەی کە لێی راوەستاوە، بەسەر سلاوم لێدەکات، مەگەر خودا بۆ خۆی بزانێ چەندە خۆشحاڵە، بەرەو لای من دێتە پێشێ، پێدەکەنێ و بەو پێکەنینە شتێکی سەیر روودەدات، دەمی دەکاتەوە، دەمی وەك ئەشکەوتێك تاریك، یەك دگانی ئاڵتوون لە قوولایی دەمیدا وەك چراکەی عەلادین پرشنگ دەدات، دڵنیام هەرچیم بوێت بەهۆی ئەو چرا ئەفسانەییەوە بۆم جێبەجێ دەبێت، پێڵووەکانم لێکدەنێم و داوا دەکەم:" ئەمجارە چاك ببمەوە، ئەمجارە کۆکینەکەم نەمێنێ و ترس بەرۆکم بەردات! "

که گەیشتینە پاریس لە ئوتێلی واگرام دابەزین، سێ ڕۆژ دواتر دختۆرێکی فەرەنسایی فەحسی کردم و ڕەچەتەیەکی دوورو درێژی بۆ نووسیم، تەندروستیم لە جاران باشترو کەمتریش دەکۆکیم.

چ کەسێ لە نهێنیی من و سیحری چرا ئاڵتوونییەکە بەئاگا نەبوو، دایکم پێیوابوو چاکبوونەوەی خێرام بەهۆی زیرەکیی دختۆرە فەرەنساییەکەوەیە، بەڵام خۆم دەمزانی چاکبوونەوەم لەبن سەری کێ و چیدایە، ئاخر هەموو شەوێك لەتاریکیی ژوورەکەو ژێر چەرچەفەکەدا دەستم بۆ چرا خەیاڵییەکەی عەلادین رادەکێشاو دۆعا هەمیشەییەکەم دووبارە دەکردەوە.

شەش مانگ زیاتر لە فەرەنسا ماینەوە، کە گەڕاینەوە تاران قوتابخانەکەیان بۆ گۆڕیم، ئەو قوتابخانە تازەیەم چەند هەنگاوێك لەماڵی خۆمانەوە دوور بوو، بە پێ دەڕۆیشتم و دەگەڕامەوە، بەڵام کاتێ لە شەقامەکەوە تێدەپەڕیم دڵم تەنگ و چاوم بۆ پاسەکەی شەمێران دەگێڕا.

ساڵان بەخێرایی ڕەت بوون و من ئێستا بوومەتە کیژۆڵە خانمێك بۆ خۆم، پاسە کۆنەکانیان کۆکردوونەتەوەو ترومبێلی تاکسی بە شۆفێری جحێڵەوە جێی ئەو پاسانەیان گرتۆتەوە، بەڵام من هێشتا بەرامبەر ئەو هاوڕێ گەورەو دێرینەم وەفادارم، هەرکاتێ دڵم تەنگ دەبێ یان خەفەتێ رووم تێدەکاو کۆسپێك دەکەوێتە

بەردەم کاروبارەکانمەوە، کوتوپڕ دەمی موجیزەئاسای هاوڕێکەم لەودیو یادەوەرییەکانی منالّیمەوە دەردەکەوێ و پرشنگی دگانە ئالّتوونییەکەی وەك ئەستێرەی زوهرە لەتاریکیی شەوانمدا دەدرەوشێتەوە.

پاسی هێڵی ژمارە هەفتا لەسەری پێچەکەدا وەدیاردەکەوێ و بەکاوەخۆ دێتە پێشێ، دەنگێکی منالآنە لەگوێمدا دەڵێ: " جگە لەپاسەکەی کاك عەزیز سواری هیچ پاسێکی تر نابم! "
کچەکەم پێشم دەکەوێت، دەست بۆ سایەقی پاسەکە رادەوەشێنێ و چاوانی پڕ دەبن لە رازو خولیای منالآنە. دەشێ کچەکەشم نهێنییەکی لەلا هەبێ و پێم نەڵێت، تەواوێك وەك ئەوەی کە منیش نهێنیی خۆمم بە کەس نەدەگوت، نە بە دایکم، نە بە لالۆ حەسەن، تەنانەت ئەو نهێنییەم لای دارچنارەکانی ئەوسەری باخەکەیش نەدەدرکاند!

*

لەکتێبی ( در استانە فصل سرد) ەوە کراوەتە کوردیی.